سیروان بارزانی: بەیاری سزادانی کۆمپانیای تیلیکۆم کاتییە و چارەسەری دیکەین



بەڕێوەبەری کۆمپانیای کۆک تیلیکۆم دووپات، بەیاری سزادانی کۆک تیلیکۆم ناڕەوایە و بەیارمەتی کاتییە، لەمکاتەشدا هەوڵەکانیان بۆ چارەسەری کێشەکە چڕکردووەتەوە.

سیروان بارزانی بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای کۆک تیلیکۆم لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بۆکرد، سەرمەی دەستەی پەیوەندییەکان لە دەرەوەی دەسەاتەکانی مامەڵە دەکات و ڕێکارەکانیشی بۆرامبەر کۆک تیلیکۆم ناڕەوان و جێگەی نیگەرانین.

وتیشی، دەسیەی سزاکانی سەر کۆک تیلیکۆمی رادەستی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردووە و داوایکردووە حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەران لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆلایەن پێکبهێنن و ئەوانیش ئامادەن هەر قەرزێک کە لەسەریانە خەرجی بکەن، لەبەرامبەریشدا دەبێت مافەکانیان پێبدرێت.

بەڕێوەبەری گشتیی کۆک تیلیکۆم ئاشکراشیکرد، هەوڵێک هەیە بۆ شکاندنی کۆک تیلیکۆم کە حکوومەتی هەرێمی بەشداربووی لە وڵاتدا هەیە، جەختیشیکردەوە بەیاری سزادانی کۆمپانیاکەی کاتییە و لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.